## ئاژانسی موتەڵێع خشتەی کۆبوونەوەی سبەی سێشەممەی پەرلەمانی عێراق بڵاودەکاتەوە



پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر هەمواری یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی دەدات و راپۆرتێک لەبارەی پاراستنی موڵک و ماڵی دەوڵەت دەخرێتەڕوو.

پەرلەمانی عێراق لەڕاگەیەندراوێکدا کەدەستی موتەڵێع کەوتووە خشتەی کۆبوونەوەی 11-03-2025ی بڵاوکردەوە، کە شەش بڕگەیە. لەو کۆبوونەوەیەدا دەنگ لەسەر هەمواری یاسای وەبەرهێنەرانی پیشەسازی بۆ کەرتی تایبەت و تێکەڵ، لەگەڵ راسپاردەیەک بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ کارکردنەوە بە سیستمی تێپەڕاندن (عبوور) لە قوتابخانەکاندا دەدرێت.

هەروەها خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەردوو پڕۆژەیاسای هەمواری کاری موختارەکان و هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی هەڵگرتنی ڤیزا لەنێوان عێراق و قوبرس دەکرێت.